لەسەروبەندی هەڵبژاردنەکانی نێو ئۆرگانەکانی یەکێتی

# ژنێک "ژنێکی بەتوانا خۆی هەڵبژارد، ژنێکی تریان کردە مونافسیو دەرچوو، چونکە دەستەکەی پشتی بەهێز بوو"

ئا/ هانا شوان

**بە هاوکاری ئۆفیسەکانی سەرقەڵا و رانیە**

(ئەشێ لە هەڵبژاردنی جێگری بەر پرسی کۆمیتە ژنێکی تێدابێت) ..بەشی سێهەمی برگەی ٧ میکانیزمی هەڵبژاردنەکان لە ئۆرگانەکانی یەکێتی دا کەلە هەڵبژاردنەکانی ئێستادا کاری پێدەکرێت. ئەوە ئەو برگەیەیە کە ژمارەیەك کادیری ژنی ناو یەکێتی پێیان وایە کە رەنجی ئەوان لەسەپاندنی رێژەیەکی ژنان لە ناو رێکخستنەکاندا بە باداوە ئەمە جگە لەوەی کە مەسەلەی دەستەگەری گورزی لەبەشداری ئەوان داوەو لە کۆتاییشدا هەر ژنان زەرەرمەند ئەبن، (م) ژنێکی بە توانای نێو ریزەکانی رێکخستنە لە دەشتیشارەزوور دەڵێت "هاورێیەکی خۆمیان لێکردم بە مونافیس و کۆمەڵێك پەیمانیان پێدابوو پێشترو هەر هەمان دەستە زۆریان هەوڵ لەگەڵ مندا بەڵام من بریارێکم لەگەڵ خۆم دابوو دەبێت بیسەلمێنم کە دەردەچم ". ئەو سەرەرای ئەوەی نیگەران بوو لەوەی کە هاورێیەکی خۆی بەو شێوەیەی لێهاتووە کە شکستی هێناوەو هاورێیەتی ئەویشی دۆڕاندوە، وتی وەك ژنێکیش دەمەوێ بڵێم"تکایە هاورەگەزەکانم مەبنە قوربانی، بڵێن نا بۆ هەرکەسێك بیەوێت بەکارتان بهێنێ". لەمرۆشدا رێژەیەکی بەرچاو لەژنان بە دیدەکرێن لەنێو ریزەکانی رێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان داو هەوڵ دەدەن سەرەرای هەموو ئەو رێگریانەی کە بۆیان دروست دەکەن یان خۆیان رۆڵیان هەیە لە دروست کردنیدا، خۆیان بسەلمێنن ئەوان هەستیان بەوە کردوە کە لەم هەڵبژاردنانەشدا وەك هەمیشە پیاوان کۆکن لەسەر گورز لێدان و بەکارهێنانیان دژ بەیەك ،بێگومان پریشکی دەستەگەری و ململانێشیان بەر دەکەوێت ، ژنێك لەناوچەیەکی گەرمیان ووتی " ئەو ژنێکی بە توانایە کەلەو باڵە بوو شانازیان پێوە دەکرد و باسیان دەکرد کە ژنێکی بە ئەخلاقە بەڵام ئەو چووە باڵەکەی تر " ئەو باسی لەوە دەکرد چەند زەحمەتە ژن بیت و لە ناوچەیەکی عەشایەر نشین بیت و بتەوێت سەربکەویت دەڵێت "بە هەر هۆیەك بێت ئەو چووە باڵی بەرانبەر دەزانی باڵەکەی خۆی هەرەشەی چی لێدەکەن؟ دەڵێن بوختانت بۆ دروست دەکەین ودەڵێین لەگەڵ فلانە کەس گیراوە، یان پەیوەندی لەگەڵ فلانە کەس هەیە، دورنیە ئەوانە بە کوشتی بەن" ناوبراو بە ئاشکرا باس لەوە دەکات کە ژنەکان خۆیان تۆمەتیان بۆ هاورەگەزەکانیان دروست دەکرد، "ژنێك دەیوت دەنگ مەدەن بە (...) بێ ئەخلاقە"، هەر سەبارەت بە کێشەکانی ژنان لەو ناوچەیە دەڵێت "یەك دوو خوشك کاریان بۆ ئەوە دەکرد دەربچن خەڵك پێیان دەووتن چونکە جوانن پیاوان دەنگیان دەدەنێ".

لەهەر ناوچەیەك تەکەتولەکان بەشێوەی جیاواز کاردەکەن و بەرێژەی جیاواز هەن ."لە رانیەو دەوروبەری دوو دەستە یەکیان گرتووە دژ بە دەستەی سێهەم "، ئەوە قسەی دەنگدەرێکی شاری رانیە بوو کەپێی وابوو خرووقاتی زۆر کراوەو باس لەوەش دەکات کە ئەو و ٩ هاورێی بونەتە قوربانی یەکێك لەو خروقاتانە، بۆ ئەوەش سکالایەکیان ئاراستەی دەزگای باڵای هەڵبژاردنەکان کردوە، کە تیایدا هاتوە(رۆژی ٢٤/٩/ ٢٠٦بۆمان دەرکەوتوە کە ١٠ ئەنداممان ناویان وون کراوە و ئێمە ئەم کارە بە کارێکی بەرنامە بۆ دارێژراو دەزانین) .(ن) ژنێکە لە هەڵبژادنەکاندا سەرکەوتنی بەدەست هێناوە دەڵێت"ئێمە کەرتی ژنانین پیشتر کێشەمان نەبوو یەعنی سەرکەوتنم مسۆگەر بوو بەڵام دەزانم کۆمەڵێك ژن کە پیاوەکان هانیان دابوون دەنگیان پێنەدام واتە تەکەتولەکەی تر بەو ژنە شەری منیان دەکرد" .

پەیمان ئەندامی بەشێکی مەڵبەندی (...) بوو راشکاوانە باسی لەوە دەکرد کە ئەم جارەش

## ژنێک لە گەرمیان: یەك دوو خوشك کاریان بۆ ئەوە دەکرد دەربچن خەڵك پێیان دەووتن چونکە جوانن پیاوان دەنگیان دەدەنێ

ژنان بەکارهێنران" دەستەگەری وایکرد نەك هەر ژنان بەڵکو پیاوانیش بەکاربهێنرێن،" هەروەها دەڵێت" ئەم دەستگەرییە گورزی خۆی لێ وەشاندین من هەرچەند بە توانا بم ناچارم پاڵبدەمە باڵێك گەر نا تیا ئەچم ، کەواتە ئەو باڵسازیە تواناکانی کوشتین" ،ئەو زیاتر باس لە رەوشی ژنان دەکات لە هەڵبژاردنەکانداو دەڵێت "ژنێکی زۆر بە توانا لە یەکێك لە کەرتەکان لە شاری سلێمانی ژنێکی تریان کردە مونافیسی کەهەر ئیشی نەکردبوو، بردیەوەو ژنە بەتواناکە سەرنەکەوت چونکە تەکەتولی پشت ژنەکەی تر زۆر بەهێز بوو "، ئەو لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت" گەر من بومایە هەرگیز ئەوەم قەبوڵ نەدەکرد، لە بەرانبەر هەر بەڵێنێك بوایە نەدەبوو کەئەو لە ئاستی مونافەسەدانیە ئەوەی بکردایە، ئەی پاش هەڵبژاردن چی دەکات، خەڵك پێی دەڵێن بوە دەستکەلاو هیچیشی پێناکرێت لە داهاتوو دا ".

مامۆستایەکی تەمەن ٤١ ساڵ لە شاری سلێمانی کەلەبەردەم فەرمانگەیەکدا وەستابوو چاوەرێی تەواو بوونی مامەڵەکەی دەکرد ووتی "هەردوو دەستەکەی ئەم ناوچەیە زۆرینەیان خەڵکی بێتوانان هەرکامێکیان بیبەنەوە هەر خەلکە رەشو رووتەکە زەرەر ئەکات".

ژنێکی دەرنەچووی کەرتێك لە حەوزی بتوین ووتی "ژنان دەنگیان بە من نەدا، بەڵام دەڵێم پیاوەکان وایان کرد من دەرنەچم چونکە ئەوان جۆرەها بەرتیلیان دایە ژنەکان ئەوانیش هیچ نازانن بۆیە دەنگیان نەدامێ و دەرنەچوم "ئەو بە لایەوە سەیرە کەوا بەئاسانی هاورێیەکی خۆی قایل بوو لە دژی ئەو خۆی هەلبژێرێ "دوورۆژ پێش هەڵبژاردن سەعات ١٠ی شەو پێیان ووتم فلانە ژن دژ بە تۆخۆی هەڵبژادووە من باوەرم نەکرد چونکە ئەو زۆر دڵسۆزی منە کە پرسیارم کرد وتیان ئەو هەواڵە راست نیە منیش ئاسودە بووم" لەرۆژی هەڵبژاردندا ئەو توشی شۆك دەبێت و دەڵێت" کە چووینەژورەوە ئینجا دەستی بەرز کردەوە ووتی خۆم هەڵدەبژێرم تائەو کاتە نەمزانی ئەو لە بەرانبەر من خۆی هەڵدەبژێری".زۆرینەی ژنەکان کۆك بوون لەسەر ئەوەی کە مەسەلەی دەستەگەری گەر جارێك گورز لە پیاوان بوەشێنێت ئەوا دوجار لەژنان و کۆکیش بوون لەسەر ئەوەی کە بەرتیل و پارە بەخشینەوە و پەیمانی جۆراو جۆر بۆتە هۆی ئەوەی لە زۆربەی ناوچەکاندا مەسەلەکان بەرەو ئاقارێکی تر بروات ژنێکی ترکە دانیشتووی شاری قەڵادزێ یە ووتی"نابێت لە هەڵبژادندا هیچ بەرپرسێك موداخەلە بکات یا بەرتیل بدرێت، بەڵام پیاوەکان ئیستغلالی وەزعی ژنەکانیان کرد، بە تایبەت هەژارو بێوەژنەکان ئەگەر بە هەرەشە بێت یا پارە ئەوی بێکەس مەجبورە دەنگەکەی بفرۆشێت "،ئەو پێی وایە کە ئەگەر چی سەرنەکەوتووە بەڵام ئەوە بۆ ئەو سەروەریە کە پێشتر کاری جیددی بۆ ژنانی کەرتەکەی کردوە "مونافسەکەم کە دەرچووە خۆی ووتویەتی ئەگەر ئیشم بۆ نەکرایە هەر دوو دەنگم دەهێنا دەنگێکی خۆم و دەنگێکی خوشکەکەم، دوای هەڵبژاردن ژنەکان ویستیان بێنە لام و ووتبویان پێمان کرا ،منیش جوابم بۆ ناردن کەبۆ پارە دەنگیان نەدامێ با ئەمرۆش نەیەنە ماڵەکەم " ئەو ووردتر لە مەسەلە دەروانێ و باس لە لایەنە ویژدانیەکە دەکات و دەڵێت"ئەو ئۆرگانەی سەرپەرشتیم دەکرد زۆربەیان بێوەژن و هەژارو بە تەمەن بوون تەنانەت دادوەری هەڵبژاردنەکە پێی سەیر بوو بەو تەمەنەوە دێن و دەنگ دەدەن بەڵام پێم وایە بەوە غەدریان لێکرا کە دەنگیان پێدرا بەکەسێك کە لە داهاتودا ناتوانێت لە پێداویستیەکانیان تێبگات ". دوو ژن لە کەرتێکی ناو قەڵادزێ کە مونافیسی یەك بوون رێك کەوتبون لەسەر ئەوەی کێ بیباتەوە ببێتە کەسی یەکەم ،بەلام وەك خۆیان دەڵێن پیاوان مەسەلەکەیان شێواند یەکێکیان دەڵێت "مونافیسێکان بۆ ئەو پەیدا کردوو دەنگەکانیان لێ پەرت و بلاو کردو نەیتوانی ببێتە کەسی دووەم" . مەلبەندی سلێمانی یەکێکە لەو مەڵبەندانەی یەکێتی کە وا باس دەکرێت بە زۆرترین جەماوەرو کاری بەرچاوو بەشداری ژن لە ئۆرگانە جیاکان دا ناسراوە بەلام پێدەچێ لەم هەڵبژاردنەدا ژنان بەتەواوەتی پەراوێز خرابێتن کادیرێکی ژن لە مەڵبەندی ناوبراو ووتی "گەورەترین گورز کە لێمان دەوەشێنری لەلایەن ئەو ژنانەوەیە کە پیاوانە بیر دەکەنەوە لە کۆنفرانسی ساڵی١٩٩٦ئێمە داوای سەپاندنی رێژەمان کرد ئەوە دوا کارت بوو، کەچی دووژن لەگەڵمان نەبوون و مەسەلەکەیان بەلاوە گرنگ نەبوو، پیاوەکان بە ئاشکرا دەیانوت ئێوە شوێنمان لێدەگرن ئەمساڵ ٢٠٠٦ بە هەمان شێوە کارێکی وایان کردوە" ئەو کادیرە ژنەی مەڵبەندی سلێمانی دەڵێت،"ژنەکان تەکلیف لەو ژنانە دەکەن کە خۆیان هەڵدەبژێرن و پێیان دەڵێن خۆتان هەلمەبژێرن بائەو برادەرە دەربچێت".

ئەو باس لەوە دەکات کە پیاوان بەشێوەیەك کاریان کردوە مەودای کارکردنی ژنان ئێجگار بەر تەسك بۆتەوە ئەوەش بەرای ئەو لە ئەنجامی ئەوەوە دێت کە ئەو پرۆژانەی چاکسازی ناو یەکێتی کەپێشکەشی مەکتەبی سیاسی کرابوو ژنان نارەزایی خۆیان لەسەر دەرنەبری‌و کاریان بۆ سەپاندنی بۆچوونی خۆیان نەکرد هەروەها دەڵێت "کاربەو شێوەیە بروات و چارەسەر نەکرێت ژمارەی ژنان زۆر کەم دەبنەوە و کاتیش دەروات لە پاشکۆی ژمارە ١ میکانیزمی هەڵبژاردنەکان دا هاتووە( مەرج نیە هەموو دەنگدەرێك بە ناچاری دەنگ بۆ ژنێك بدات) پێم وایە ئەوە لێدانێکی گەورەیە بۆ ژنان "ئەو تەواو رەشبینە لەرەوشی ژنان لە هەڵبژاردنەکاندا بە تایبەت کەمەسەلەی دەستەگەری لە ئارادایە و وەڵامی داواکاریەکان و بانگەوازەکانیان نەدراوەتەوەو داوا لە ژنان دەکات هەڵوێستێکی ئاشکرا بنوێنن "من ئەوە بە چارەسەر ئەزانم کە ژنان یەکبگرن و لە قۆناغی کۆنفرانسی مەڵبەندەکانا موقاتەعە بکەن بەدەر لە مەسەلەی دەستەگەری بۆ نارەزایی دەربرین لە ئاست ئەو پەراوێز خستنە".

تێبینی/
وێنەکە لە سایتی کوردستان نیوزەو وەرگیراوە.



## ناوو ئیمزای کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال بۆ دادگایی کردنی بەشداربوانی کورد لە پرۆسەی ئەنفالدا

| ژ | ناوی سیانی | پیشە | دانیشتووی | چەند کەست ئەنفالە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ندیمە کریم سمین | ژنی ماڵ | دووراجی | ٥ |
| ٢ | امینە شهاب احمد | ژنی ماڵ | دووراجی | ٣ |
| ٣ | سعاد کریم درویش | کچی ماڵ | دووراجی | ٣ |
| ٤ | شیرین جمعە امین | ژنی ماڵ | دووراجی | ٥ |
| ٥ | سرگوڵ محمد امین | کچی ماڵ | دووراجی | ٨ |
| ٦ | نازگەعبدالعزیز حمید | ژنی ماڵ | دووراجی | ١ |
| ٧ | نجیب سعید ستار | فلاح | دووراجی | ١ |
| ٨ | نجیبە عباس مجید | ژنی ماڵ | دووراجی | ٥ |
| ٩ | زارا احمد صابر | ژنی ماڵ | دووراجی | ٨ |
| ١٠ | سرکوت رشید محمود | فلاح | دووراجی | ٣ |
| ١١ | نجیبە یاسین صابر | ژنی ماڵ | دووراجی | ٤ |
| ١٢ | سروت رشید محمود | فلاح | دووراجی | ٣ |
| ١٣ | رسول عبدالسلام یاسین | پیشمەرگە | دووراجی | ٤ |
| ١٤ | علی محمد امین | کاسب | دووراجی | ٧ |
| ١٥ | فتاح محمد امین | کاسب | دووراجی | ٣ |
| ١٦ | محمد جوامیر موسی | کاسب | دووراجی | ٣ |
| ١٧ | سلمی علی حاجی | بیوەژن | دووراجی | ٤ |
| ١٨ | فاتمە علی خسرو | بێوەژن | دووراجی | ٤ |
| ١٩ | شونم تحسین یاسین | ژنی ماڵ | دووراجی | ١ |
| ٢٠ | فانوس صابر کریم | بێوەژن | دووراجی | ١٤ |
| ٢١ | احمد لتیف سمین | ئەندام کومیتە | دووراجی | ١ |
| ٢٢ | یاسین سمین خسرو | فلاح | دووراجی | ٤ |
| ٢٣ | خرامان احمدمصتفی | ژنی ماڵ | دووراجی | ٢ |
| ٢٤ | فکریە محمد عزیز | ژنی ماڵ | دووراجی | ٧ |
| ٢٥ | لتیف سمین خسرو | فلاح | دووراجی | ١ |
| ٢٦ | ملیحە لتیف سمین | کچی ماڵ | دووراجی | ١ |
| ٢٧ | نعیمە علی خسرو | ژنی ماڵ | دووراجی | ١ |
| ٢٨ | اهو کریم شریف | بێوەژن | دووراجی | ٣ |
| ٢٩ | گردە محمد ابراهیم | بێوەژن | زینانەی گەورە | ١٣ |
| ٣٠ | رحمە کریم علی | بێوەژن | زینانەی گەورە | ٥ |